سەید حەکیم : دیوانییە و سەلاحەدین پێشەنگی پێشینەکانی بەرنامەکانی گشەپێدانی ئێستان

لەناحیەی ئەبی غەرەق لە پارێزگای بابل، سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت سەردانی میوانخانەی حاجی ماجید تائی کرد و لەم دیدارە سەماحەتی چاوی بەکۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی هۆزەکانی بابل کەوت، سەید حەکیم داوای بایەخ پێدانی بە پارێزگاکان کرد و گوتی بەهۆی ڕووداوەکانی ڕابردوو پارێزگاکان زیانی زۆریان بەرکەوت و لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بەڕێژەیەکی زۆر بێبەش بوون، لێرەش ئەرکی حکومەتی بەرز نرخاند لە پاڵپشتی گەشەپێداندا..

بەڕێز حەکیم نیازی حکومەتی دووپاتکردەوە بۆ تەرخانکردنی هەوڵەکانی لە پارێزگا تایبەتەکان هەموو ساڵێک، بۆ دروستکردنی بازدانێکی چۆنایەتی تێیدا، ئاماژەی بە گرنگی هاوسەنگکردنی بەرنامە و ئەولەویەتەکان کرد، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە پارێزگاکانی دیوانیە و سەلاح الدین لە پێشینەی کارەکانی سەرەوەن، پێشنیاری ئەوە دەکات کە بابل لە یەکەمایەتییەکان دەبێت بۆ ساڵانی داهاتوو، و هیوای خۆی دەربڕی کە عێراق دوای کۆتایی هاتنی دۆخی پەرەسەندنلە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

.

بەرێزیان داوای کرد چارەسەری کێشەی چەک لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت، و ڕادەستکردنی چەک بە هێزەکانی کۆکردنەوەی جەماوەری، ستایشی کارلێکی فراکسیۆنەکان و لێکتێگەیشتنیان لەگەڵ ئەم ڕەوتە، و وەڵامدانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی چەک، و ستایشی هەموو ئەو هەوڵانەی کرد کە بەشداربوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و ڕزگارکردنی خاکەکانی عێراق...